# ئاسۆی دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی

## ١ـ٣

## کۆمیتەی بە گڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبارنەزار خەزرەجی

ڕۆژی ٢٠٠٢\٦\١١ لە چاوپێکەوتنێکی Signe Justesen بەڕێوەبەری پۆلیسی Ringsted

کە سەرپەرشتی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی نەزار خەزرەجی دەکات ، لە گەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی ڕۆژئاوای دورگەی شیلانی دانمارک ڕایگەیاند ، کە ئەو تەنانەت بۆ یەک چرکەش دوو دڵ نییە لە ڕۆڵی ستەمکارانە و بێ بەزەییانەی نەزار خەزرەجی لە بە کۆمەڵ کوژی کوردەکانی عێراق پاش ئەوەی بڕێک بەڵگەنامەی نوێ ئاشکرا کران و گەشتە ناو مەیدانی لێکۆڵینەوە ، هەروەها وتی ئەو مادە و بەڵگانەی تا ئێستا کۆکراوەنەتەوە ، زۆر گرنگ و پڕبایەخن و ، وایان لێ دەکات چاو بە مەسەلەی پەنابەری نەزار خەزرەجی دا بخشێننەوە و دۆسییەکەی ڕەوانەی لای (مدعی عام) بکەن ، ئەوەی پێویستە بگوترێت لەم ڕووەوە ماوەی ڕابردوو *(BirgitteVestberg)* کە ژنێکی تەمەن ٦٠ ساڵەیە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی دانمارکەوە دەست نیشان کرا بۆ سەرۆکایەتی کردنی ستافێک کە بەم دواییانە پێک هێنرا بە ناوی (دەسەڵات دارێتی شکات) بۆ دادگایی کردنی ١٦ تاوانباری جەنگ ، گەورەترین تاوانباری ناو ئەو لیستەش نەزار خەزرەجی یە ، *BirgitteVestberg* کە تا ئێستا (مدعی عام)ی دورگەی (FYN) بووە کە هەموو ناوچەکانی ئۆدێنسە دەگرێتەوە ، یەک لە کەسایەتییە زۆر بە هێز و ناسراوەکانی وڵاتی دانمارکە ، بەوە ناسراوە لە بواری یاسادا بەهرەمەند و داهێنەرە و هەر بۆیە بەردەوام لە لایەن زۆر دامەزراو دەزگای دانمارکی بۆ کێشە و کارو بەرنامەکانیان پرس و ڕاوێژی پێ دەکەن ، وە تا ئێستا چەندین کێشە و تاوانکاری گەورە و ئاڵۆز کە لە دانمارک ڕوی داوە ، بە ناوبراو سپێردراوە و سەرکەوتوانە کارەکانی خۆی بە ئاکام گەیاندووە و لەو ڕووەوە ڕابردوویەکی مەزن و شکۆداری هەیە ، هەروەها بەوە ناسراوە زۆر توند و تیژە بەرانبەر تاوانباران ، بە تایبەت ئەوانەی دەستیان لە کوشتن و بڕین دا هەبوە .

هەفتەنامەی سوندەی ئەڤیسن کە بە خۆڕاییە و بۆ هەمو ماڵێکی دانمارک دەچێت و لاپەڕەی دووی هەر هەفتەی بۆ ناساندنی کەسایەتیەکی بە ناوبانگ لە دانمارک تەرخان دەکرێت ، هەفتەی ڕابردوو (٦\٩) ئەو لاپەڕەیەی تەرخان کرابوو بۆ ناساندنی کەسایەتی *BirgitteVestberg* کە ئێستا دەست نیشان کراوە بۆ دادگایی کردنی ئەو ١٦ کەسەی تاوانی جەنگ خراوەتە ئەستۆیانەوە و لە دانمارک دەژین .

هەروەها ژۆرنالیستێکی دانیمارکی بە ناوی *(Niels Westberg)* ڕۆژی ١١\٦\ ٢٠٠٢ لێکۆڵینەوەیەکی بە پێزی لە سەر دۆزی نەزار خەزرەجی لە ڕۆژنامەی ( EKSTRABLADET)بڵاوکردەوە ، کە ڕۆژنامەیەکی گرنگ و بە ناوبانگی گەورەی وڵاتی دانیمارکە ، لە سەر ڕۆشنایی هەندێ لە بەڵگەنامەکان و چاوپێکەتنیان لە گەڵ لێکۆلەرەوەکان و کۆمیتەی بە گڕخستنی هەوڵەکان ...، بە ناوناونیشانی (تەنگ کردنی تۆڕ لە چواردەوەری سەرەک سوپا (نەزار خەزرەجی )) ، لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە بڵاو کرایەوە هاتوە ، بەڵگەنامەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن نەزار خەزرەجی تەمەن ٦٣ ساڵ بەشداری ئەو کۆبونەوانەی کردووە کە پلان و نەخشەی ئەنفال و بە کارهێنانی ژەهری کیمیاوی تیا کێشراوە دژ بە کوردەکان و بووە هۆی لە ناوبردنی زیاتر لە ١٨٢ هەزار مرۆڤی کورد ، هەروەها ئەو پەلامارە تۆقێنەرەی بە گازی ژەهراوی کرایە سەر شاروچکەی هەڵەبجە لە کاتی ئەنفال .

ئەو بەڵگەنامانەی لە لایەن کۆمیتەی بە گڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی گەیاندراوەتە لێکۆلەرەوەکان ، بە تەواوەتی دۆز و باری نەزار خەزرەجی سەخت و قورستر کردووە ، بەڵگەنامەکان لە ناویاندا کاسێتێکی ڤیدیۆیە و بریتیە لە سمینارێکی سەربازی ، کە (عمید یونس محمد زارب) فەرماندەی فەیلەقی ٥ پێشکەشی دەکات ، ئەوە

HALABJA

دەردەخات ، کە سەرەک سوپا مەبەستی (نەزار خەزرەجی) پەیوەندییەکی نزیکی هەبووە بە جولانەوەی تاکتیکی سەربازی دژی کوردەکان ، دەری دەخات کە نەزار خەزرەجی بە تەواوەتی و لە نزیکەوە ئاگادار بووە لە دوا شێوەی هێرشی ئەنفالی بۆ بەزەییانە ، لە گەڵ هەردوو تاوانبار سەدام حوسێن و ئامۆزا ناو زڕاوەکەی عەلی حەسەن مەجید کە بە عەلی کیمیاوی ناسراوە .

پەناهەندەکەی sorø مەبەستی نەزارە ، کە تاوانبار کراوە بە تاوانی جەنگ و تا ئێستاش ئازادە و نایەوێت قسەبکات لە گەڵ ڕۆژنامە دانیمارکییەکان ، لە چەندین میدیای دەرەوەی دانیمارک ئەو تاوانانەی بە تەواوەتی ڕەت کردۆتەوە کە بەشداری کردبێت لەو کۆمەڵکوژییانە ، بە تایبەتی ئەو سەرەک سوپا ٦٣ ساڵە سورە لە سەر ئەوەی ، بەشداری نەکردووە لە ئەنفال و بە کارهێنانی گازی ژەهراوی دژی کوردە مەدەنییەکان و ، خەزرەجی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کەکەمترین زانیاری لە لا بێت لەو بارەوە و دەڵێت تەنیا عەلی کیمیاوی و سەدام زانیاریان هەبووە لە سەر ئەو پەلامارانە !!!!!
نوسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە دەڵێت ... بەڵام بەڵگەنامەکان وا دەردەخات کە سەرەک سوپا و هەردوو فەرماندەی فەیلەقی ١ ، ٥ بە قولی و ووردی ئاگادار بوونە لە تەواوی هێرش و پەلامارەکانی ئەنفالدا .
٣٢ ڕێکخراو کە زۆربەیان کوردین پشتگیری هەوڵەکانی ئەم کۆمیتەیەیان کردووە تا ئێستا و ئەوانیش بەڵگەنامە و شاهێدیان بۆ پۆلیس ناردووە .

HALABJA